# سڵاو لە شیعر ....
# سڵاو لە پەشێو

لێدوانی: ئاری ئاغۆک

ئەو کاتانەی ژووری عەشق پڕدەبێت لە عەترو گوڵاوو بخوورو نێرگزومۆمو چرای بەختەوەری، ئەو کاتانەی ماڵە غەریبییەکانی دونیای غوربەتو تەنهایی پڕدەبێت لە بۆنی بارووتو تەقەی جەنگو گوڵی سورو هارمۆنیای تەڕ، تا لەم کاتانە هەموومان لە حزوور گەورەیی‌و جوانی و دونیای شیعری پەشێودا هەڵوەستەیەک دەکەین‌و دەست لەسەر ئەژنۆ چاو پڕ لە ئەسرین بە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە لە حەرفە شیعرییەکانی ئەم زاتە رادەمێنین‌و بیردەکەینەوە و دەڵێین: ئاخۆ ئێمەی مرۆڤ تاکەی لەئاست خەمەکانی رۆژگار بێدەنگ بین‌و حیوارێکمان نەبێت بۆ گوتن؟ تاکەی لە سێوی عەشقی پاک مەحرووم بین‌و دەستەکانمان لەداری بەردار دوور بن؟! ئیدی ئەوە زەمەنەو هەموومان وەکو یەک بیر ناکەینەوە وەکو یەک حەقیقەتەکان ناخەینە روو، بەڵام کەسێکی وەکو (پەشێو) زۆر بوێرانەو بێ منەتانە تابلۆکانی پشت پەردەمان نیشان دەداو سنوری ترسو بقەو قەدەغە دەشکێنێ‌و لەسەر تەختەی شانۆی وڵات دا بەزمانی گوڵو شیعر هاواری بەختیاری کۆمەڵ دەکاتو نەفرەت لەجەنگی ماڵوێرانی‌و خیانەت دەکات، لەسەر ویستو ئارەزووەکانی کۆمەڵ بەگشتی دەیەوێ نهێنییەکان بە ئەمانەتەوە بدرکێنێ، بۆیە هاتنەوەو سازدانی چەندین کۆڕی شیعری لە هەولێرو دهۆکو سلێمانی مانایەکی تری گەورەی پەشێوە بەرامبەر بە هەڵوێستە نەتەوەیی‌و شیعریەکانی، بەرامبەر بە حەقیقەتەکانی ژیان، نزیک بوونەوەی پەشێو لە جەماوەرو دروست کردنی فانتازیایەک لە شیعرو رووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە جەماوەرو خوێندنەوەی چەند دەقە شیعرێکی جوانو کاریگەر وای لە جەماوەر کرد پەرۆشانە تر ئاوێزانی حەرفە شیعریەکانی (کۆبوونەوە، کەرەکە، براکوژی، نەتۆخوشکی نەمن کاک..هتد) کردو لەوێوەش بەهونەرێکی جوانو زمانێکی پاراوی پڕ لەگوڵ گوێگری بەرەو ئاقارەکانی



زەمەنی زوو بردو هەم دیسان پێمانی گووت ئەوەیە گەمەی برا کوژی.. ئەوەیە چارەنووسی بێوەژن!! ئەوەیە پەرداخی عەشق، لەو ئاسمانە جوانەوە پەشێو هەمدیسان دەربڕینەکانی خۆی خوێندەوە بەنەوەی نوێی گووت ئێوە رابەری گۆڕانکارین، داهێنان لەعەقڵو بیری ئێوەوە دروست دەبێت.

بۆیە کاتی هاتنەوەی پەشێو بۆ هەولێر ئیعلان کرا هەموومان ترپە ترپی دڵمان خێراتر دەبوو بۆ روخسارو نیگاو دەنگو شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو).

لەگەڵ یەکەمین هەنگاوی (پەشێو) بۆ هۆڵەکانی کەرکوکو هەولێرو سلێمانی جەماوەر بەگوڵو چەپڵە رێزان پێشوازیان لە گەورەیی ئەم زاتە کرد، چونکە (پەشێو) ی خاوەن هەڵوێست هەمیشەو بەردەوام خۆی شیعرەکانی لەناو دڵی جەماوەر بووەو هەمیشە میللەتیش لە نێو دڵو دەروونو هۆنراوەکانی پەشێودا رەنگی داوەتەوە، کەواتە ناکرێ و مەحاڵە ئەو ئازیزانە لێک جیا ببنەوە، جگە لەمەش (پەشێو) توانی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک تەقینەوەیەکی گەورەی شیعری بکاتو بەسەدەها گەنجی خێر لەخۆ نەدیوو بهێنێتە ناو هۆڵ، ئەو گەنجانەی کە رۆژەکانی تەمەنیان بەیاریە وەهمیەکانو ترسە سەرابیەکان بەرێ دەکرد!!!

بەهەر حاڵ .. قسە زۆرە لەسەر هاتنەوەی پەشێو و شەقامی شیعری پەشێو، بەڵام جوانترین وەفاو گەورەترین قەسەو پەیمان سڵاوی شیعرو ماچی ئەڤینە بۆ بەرێزی.

* **سوپاس بۆ هەفتەنامەی ( میدیا ) ئەم وێنانەی پەشێویان بۆ رەوانەکردووین.**